# ناسنامەی ژن، لە زمان و ڕامانی کۆمەڵگەی کوردا

مەهاباد قەرەداغی

زمان بریتییە لە کۆمەڵێك کۆد، کە پێکەوە لۆژیکێك پێك دەهێنن و بەکارهێنەرانی ئەو زمانە ئە و لۆژیکە دەکەن بە بناغەی بیرکردنەوەیان. زاناکانی بواری مەعریفە جەخت لەسەر پەیوەندی توند و تۆڵی نێوان زمان و بیرکردنەوە دەکەن. کۆدی نالۆژیکی لە هەر زمانێکدا، دەبێتە هۆی بیرکردنەوەی نالۆژیکی بەکارهێنەرانی ئەو زمانە. لە زماندا سیمبولەکان پێناسەی دیاردەکان دەکەن، هەموو بوونێك و دیاردەیەکی کۆنکرێت یان ئەبستراکت لە زماندا ئاماژەی خۆی هەیە.

لە زمانە جیاوازەکاندا، ئەو ئاماژانەی کە پێناسە دەدەن بە ژن، یان دیاردەی ژنبوون، ژنێتی و هتد، یان ئەو کۆدانەی کە لە بەرامبەر واژەی پیاو، یان دیاردەی پیاوبوون و، پیاوەتی دادەنرێن، جیاوازن بەهۆی جیاوازی ڕادە و ئاستی گەشە سەندنی زمانەکان. گەشەسەندنی زمانەکانیش ڕۆڵیان بینیوە لە گۆڕینی تێفکرین و ڕوانگەی کۆمەڵگە بەرامبەر بە ژن و ژنێتی، پیاو و پیاوێتی و.. هتد.

لە زمانە ناسراوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، عەرەبی، عیبری، تورکی، فارسی و کوردی، سیمبۆلەکانی زمان و کلتوور تا ڕادەیەکی شایان بە ڕامان، نزیکن لە یەکترەوە و، تێڕوانەکانیش بەو پێیە نزیك دەبن لە یەکترەوە. لە ناو ئەم زمانانەدا لە بەرامبەر واژەی ژن، ئاماژەی لاواز، بێدەستەڵات، پاسیڤ هەیە، لە بەرامبەر دەستەولژەی ژنێتی کۆدی کۆیلەیەتی یان پاشکۆیەتی دانراوە. هەموو دیاردەکەش، واتە دیاردەی ژنبوون، گرێدراوی مانای (شەرەف و ناموس و حەیایە)، مانای ئەم سێ دهستەولژە عەرەبییەش، لە کۆئەندامی سیکسی ژندا کۆ بووەتەوە.

با لەوانی تر گەڕێم و تایبەت باسی زمانی کوردی بکەم، کە زمانی زگماکی خۆمە و پەیوەستم پیوەی. بێگومان ئەو کۆدانەی کە لۆژیکی زمانی کوردییان پێکهێناوە، بە تایبەتی لە بارەی ژن و پیاوەوە، سامناکن و بوونەتە هۆی تێڕوانینێکی سامناك لە ژن، ژنێتی و ژنبوون، پیاو، پیاوەتی و پیاوبوون.

لە زمانی کوردیدا، ئەو ئاماژانەی کە لە سەرەوە باس کران هێشتا تۆختریش دەبنەوە لە هی زمانانی دەوروبەری، بە هۆی ڕیگەگرتنێکی بە مەبەست لە لایەن نەیارانی زمان و کلتوورەکەی (داگیرکەرانی وڵاتەکەیەوە). ئەم ئاماژانە کار لە بیرکردنەوە و ڕامانی مرۆڤی کرد دەکەن و، تیرڕوانینێکی سامناك سەبارەت بە ژن لەکۆمەڵگدا دێتە ئاراوە، بۆیە لە زمانی کوردیدا پیسترین جنێو ئەوانەن کە پەیوەستن بە ژن، ژنێتی و کۆئەندامی زایەندی ژنەوە. کاریگەرترین جنێو کە بە پیاو بدرێ و دەماری بگرێت ئەو جنێوانەیە کە تیایدا سیکسی ژنەکەی، کچەکەی، خوشکەکەی یان دایکی بەکار هێنرابێت.

بۆ ئەوەی فیکری کورد گەشە بکات و تێڕوانینی بەرامبەر بە ژن بگۆڕی، پێویستە زمانی کوردی گەشە بکات و ئەو ئامازە نالۆژیکیانەی کە کراون بە پیکهاتەی پیناسەکردنی ژن، ژنێتی و ژنبوون، پیاو، پیاوەتی و پیاوبوون، دەرهاوێژرێنە دەرەوە و، کۆدی تریان لە جیگە دا دابنرێن.
لە زمانی کوردیدا، ژن کۆدی شەرەفە. بە پێی ئەوە جەستەی مێینەی مرۆڤی کۆمەڵگەی ئێمە دەبێت بە (شوێن) ێك بۆ پاراستنی ماناکانی شەرەف. ولتە جەستە لە پێناسە ئاساییەکەی خۆی (کە دەبێت سەلمێنەری بەشە فیزیکییەکەی خودی مرۆڤ بێت و، لە جولەیەکی بەردەوامدا بێت بۆ داهێنان، لە پێناوی گەشەسەندنی ئەو خودە)، دوور دەکەوێتەوە و، پێناسەیەکی تری نائاسایی دەدرێتێ و دەکرێت بە (شوێن بۆ شەرەف). شوێنیکی وەکو فریزەر کە خواردنی تێدا دەپارێزرێت، واتە جەستەی ژن دەکرێت بە (شت)، ئەو (شتەش) خاوەنی هەیە، کە هاوکات خاوەنی شەرەفەکەشە.
ژن، کە لە زماندا دەبێتە ئەو کۆدە و زمانیش بناغەیە بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ، ئیدی تێڕوانینی باو لەو کۆمەڵگەیەدا بۆ ژنبینی لەسەر ئەو کۆڵەکەیە بنیاد دەنرێت. ئەم تێڕوانینە نەك تەنها پیاو، بەڵکە خودی ژنیش هەیەتی و، لە ژیانی ڕۆژانەدا کاری پێدەکات. واتە ئەو سیمبولانە لە ڕێگەی زمانەوە ئاکارەکانی ژیانی ڕۆژانەی ژن و پیاوی کۆمەڵگە ئاراستە دەکات.
هەندێ نموونەی زۆر سادەی ڕۆژانە دەهێنمەوە کە لە ئەزموونی ژیانی هەمووماندا هەیە. چەندان جار دیتوومە و تەنانەت بۆ خۆشم ڕوویداوە، کە ژنیك لە کوردستاندا سواری پاسێك دەبێت، پیاو جێگەی خۆی بۆ چۆڵ دەکات. جارێك لەشاری هەولێر سواری پاسێك بووم پیاوێکی پیبر بە دەنگێکی بەرز هاواری کرد و لەچەند گەنجێك تووڕە بوو، گووتی:
- ئەنگۆ عەیب ناکەن دانیشتوون و، ئەو زەعیفەیە بە پێوە ڕاوەستایە؟!
گەنجەکان نەك هەر هەستان، بەڵکە ڕاپەڕین و ئارەقەیان دەردا. (من لە جیگەکەیان دانەنیشتم و. .)
لەم نموونەیەدا مەبەستم لە ڕوونکردنەوەی ئەو کۆدانەیە کە لە زمان و بیرکردنەوەی ئەو کەسانە و کەسانی تر و.. هەموو کۆمەڵگەدا (جگە لە ڕیزپەڕیکی هەڵوێست وەرگرتوو) بەرامبەر بە دەستەواژەی ژنێتی و پیاوەتی هەیانە.

جوامێری، ئازایەتی و بەهێزی لە زماندا شفرەی چەمکی پیاوون. لە ناو ئەم پێناسەیەدا پیاو لە خۆی دەکرێت بە پاڵەوان. بەڵام ئەمە لەگەڵ سیفەتە سرووشتییەکانی مرۆڤدا لە دژایەتیدایە. مرۆڤیکی سرووشتی تێکەڵاوێکە لە کۆمەڵیك سیفەتی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ، وەکو: ئازلیەتی و ترس، بەهێزی و بێهێزی، ڕەشبینی و گەشبینی، گریان و پێکەنین و هتد. هیچ مرۆڤیك نییە هەمیشە دانا و میهرەبان و ئازا و بەهێز بێیت، یان هەمیشە گەوج و نامیهرەبان و ترسنۆك و بێهێز بیت. ئەمە سروشتی مرۆڤێکی ئاساییە کە تیکەڵاوێك بێت لەو سیفەتانە.

کەچی کۆدەکانی زمانی ئێمە (و کۆمەڵگە گەشە نەسەندووەکانی تریش)، تەنها(هەموو) سیفەتە نیگەتیڤەکان لە پێناسەی ژندا و، تەنها(هەموو) سیفەتە پۆزەتیڤەکان لە پێناسەی پیاودا کۆدەکەنەوە. بێگومان ژنیش و پیاویش لە سروشتی خۆیان دوور دەخەنەوە و، دەمامکیان پێ دەپۆشن.

ئەم دۆخە نائاساییە بە شێوەیەك لە تێڕوانینی کۆمەڵگەدا دەچەسپێ کە تەواو وەك ئاسایی بنوێنی. تەنانەت کەسانێك کە بانگەشەی یەکسانی و دادپەروەری دەکەن و خۆیان لە لیستی ڕووناکبیراندا ناونووس کردووە، چ بە ئاگایی و چ بە نائاگاییەوە برەو بە ئەکتیڤکردنی ئەو کۆدانە دەدەن. نموونەیەکی تری ڕۆژانە: هاورێیەکی نووسەرم لە نووسەرێکی تر تووڕە بوو بوو، باسی لە ڕەفتارەکانی کرد و گووتی:(وەك ژن پان دەبێتەوە و دەم پان دەکاتەوە.)، بەڵام یەکسەر دەرکی بەوە کرد لەبەردەم مندا چ هەڵەیەکی کردووە و ویستی پاساو بێنیتەوە و هەڵەکەی چاك بکاتەوە، بەڵام خراپتری کرد. گووتی: (من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ژن خراپە، هێشتا ژن لەو باشترە!).

کۆدەکانی زمان هێندە تێڕوانینی مرۆی ئێمەی دیلی ئەو پێناسە نالۆژیکییانە کردووە، کە بەرامبەر بە بانگەشەکانی خۆی (ڕووناکبیری، ئازادیخوازی، مرۆڤدۆستی، دادپەروەری و.. هتد )شەرمەزاری دەکات.

هەر ئەو کۆدانەیە کە شاعیرێکی ناوداری کورد، کەبە هۆی شەڕی براکوژییەوە لە سەرانی کورد تووڕەیە(کە لای من ئەمە لووتکەی هەڵوێستە)، وا لیدەکات، جنێو بە سەرانی کورد بدات، بەڵام هەموو جنێوەکان تووڕەیی ئەو دانامرکێنن و، لە کۆتایی جنێوەکانیدا بە سەرانی کورد دەڵی:(هەی ژن.. .)

ژیانی ڕۆژانە پڕە لە نموونەی ئاسایی و نائاسایی. مەبەستم لە نموونەی ئاسایی ئەو ڕەفتارانەن کە ژنگەل و پیاوگەلیکی ئاسایی و بێ بانگەشە دەینوێنن، نموونەی نائاساییش لە ڕەفتار و وتاری ژنان و پیاوانی ڕووناکبیر و خاوەن قەڵەم و خاوەن هەڵوێست.

ژنێکی ڕۆژنامەوان و شانۆکار، کە بەرنامەیەکی هونەری لە کوردستان تیڤی یەوە پێشکەش دەکات، لە پرسیارێکیدا کە لە بارەی ژیانی خێزانییەوە بوو، ئاراستەی هونەرمەندی ناسراو (عەلی کەریم) ی کرد لە جیاتی ئەوەی بڵێت: هاوسەرەکەت یان هاوژینەکەت، گوتی:(ماڵەوەتان)!!. کۆدەکانی زمانی ئەم خانمە هونەرمەند و ڕۆژنامەوانە، تێڕوانینێکی وایان لای چەسپاندووە کە ژن: ماڵەوەیە! واتە ژن: شتە!

ئەم کۆدانە هی ئەمرۆ و دوێنی نین، مێژوویەکی دوور و درێژیان هەیە و میراتێکی کلتووری سەقەتیان بۆ بەجێهێشتووین. با بڕوانینە پەندەکانی پێشینان و لە مشتێکی ئەو خەرواره وردـ بینەوە:

- ژنی شەرمن شاری دێنێ، پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنێ.
-
- ژن و ماڵیان گووتووە.
-
- ژن و ژان.
-

.پەندی پێشینان و زاراوە باوەکان کە میراتی کلتووری نەوەکانی پێشووی هەر کۆمەڵگەیەکن، ڕۆشن کەرەوەی زۆر لایەنی ژیان و تێڕوانین و ڕادەی گۆڕانکاری ڕوانگەی کۆمەڵگەن بەرامبەر بە دیاردەکان. کلتووری باوکسالاری شتی نییە تایبەت بێت بە کۆمەڵگەی کورد فارس یان تورك و عەرەبەوە، بەڵکو کلتووری باوکسالاری جیهانگرەوەیە و تێڕوانینێکی لەو جۆرە لە هەموو کلتوورەکاندا هەبووە و هەیە. بەڵام، مرۆ ناتوانێ نکۆڵی لەوە بکات کە لە کۆمەڵگە گەشە سەندووەکاندا، کلتووری باوکسالاری کاڵ بووەتەوە لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا تێڕوانینێکی ئایدیالی وا بەدی ناکەی کە خالّی بێ لە گەرد و بەردی کلتووری باوکساری، هەروەك چۆن هیچ زمانێکی دنیاش شك نابری کە پاك بووبێتەوە لە ئاماژە نالۆژیکییەکان. بەڵام گۆڕانکاری زۆر و بەرچاویان بەسەردا هاتووە و دیت.

(لیرەدا مەبەست لە کۆمەڵگەی گەشەسەندوو، ئەوانەن، کە پێشکەوتنیان لە بواری زانستی، ئابووری و تەکنەلۆژیدا بەدەست هێناوە، کە پشت بە یاسای سیڤیل دەبەستن و بۆ یەکلاکردنەوەی کێشەکان یاسا دەبێ بە سەروەر و بە بڕیاردەریان، کە سیستەمێکی دیموکراتییان هەیە بۆ بەڕیوەبردنی وڵات و هتد. لە کاتی گەشە سەندنێکی لەو جۆرەدا زمان ناتوانێ هەمان زمانی پیشوو بێت و ناچارە کۆدی لایق بەو گۆڕانکارییانە دابهێنی بۆ دیاردەکان. کە کۆدەکانیش گۆڕان، بیرکردنەوەش دەگۆڕیت، تێڕوانینەکانیش دەگۆڕێن.)

پەندێکی ئینگلیزی دەڵێ: ژنی چاك و تەندروستی چاکترین سلمانە بۆ پیاو.

پەندێکی ئیسپانی دەڵێ: مریشك و ژن ئەگەر لە ماڵ دوور کەوتنەوە ون دەبن.

پەندێکی فەڕەنسی دەڵێ: ژن وەك پشیلە وایە، تا زیاتر لێی بدەی نەرمتر دەبێتەوە.

ئیماژی ژن لە سەردەمی کۆندا، لەو سێ زمانەی سەرەوەدا (لەو دەمەی ئەو پەندانەی تیا وتراون)، هەمان ئەو ئیماژانەن کە لە زمانی کوردی و عەرەبی و فارسیدا هەن، بەڵام ئەو زمانە و کۆمەڵگەکانیان، لەم چەند سەدەیەدا گۆڕانی بنەڕەتییان بەسەردا هات. شۆڕشی پیشەسازی ناکرێ تەنها وەك پرۆسەی گۆڕانکاری ئابووری چاوی لی بکەین، چونکە ئەم شۆڕشە لەسەر هەموو کلتووری ڕۆژئاوا، کاریگەری دانا. کاتێ ژن هاتە ناو ژیانی کارەوە و وزەی ژن بوو بە پێویستییەك بۆ بازاڕی کار، ئیدی نەدەکرا بە هەمان چاوی جاران تەماشا بکرێت و سیفەتەکانی لاواز و گەوج و نەفام ببن بە ئیماژی لەو زمانانەدا. کاتێ ژن هاتە نێو کایەی سیاسەتەوە و لە پەرلەمانندا جیگەی گرت، ئیدی نەدەگونجا ئیماژی بێدەسەڵات ببێ بە پێناسەی و.. هتد.

گەرد و خەشی کلتووری باوکسالاری ئێستاش لێو زمانانەدا هەیە، بەڵام لەسەر زەمینی واقیعدا، پراکتیزەکردنیان زەحمەتە. ژن لە ئەوروپادا بۆ نموونە خاوەنی کار و ئابووری و کەسلیەتی خۆیەتی، نابیت بە سامانی پیاوەکەی، وەك لە پەندە ئینگلزییەکە هاتووە. (بێگومان ئەمە بە گشتی، بەڵام لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا دۆخی ڕیزپەڕ و کێسانی ڕیزپێڕ هەن.)

کاتی پەندە کوردییەکە دەڵێ: (ژنی شەرمن شاری دێنی و پیاوی شەرمن شانەیەك ناهێنی)، ئەم تێڕوانینە هی ئەمڕۆشە بۆ ژن. لە هەمان سەرچاوەوە هەڵقوڵاوە کە ئیمازکانی زمانی بلوباپیران لە سەدان ساڵەوە پێناسەی ژن و جەستەی ژن و پیاو و جەستەی پیاویان پی کردووە. خودی ئەم دۆخە دەتوانێ پێوەرێك بێت بۆ زانینی ڕادەی گەشەسەندنی زمان و بیرکردنەوەی کۆمەڵگەی خۆمان و، ڕادەی چەقبەستوویی ژنبینی لە کلتووری ئێمەدا.

دیارە نموونە زۆر زۆرە بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونانە. بەڵام گرنگە پێش ئەوەی کۆتایی بە باسێکی ئاوا بهێنم، باس لە چۆنێتی گۆڕینی تێڕوانینی کۆمەگەی کورد بکەم بۆ ژن.

هیچ کلتوورێك نەگۆڕ نییە. کۆدەکانی هیچ زمانێکیش کۆدی هەمشەیی و جێگیر نین. بۆیە مرۆ دەتوانێ گەشبین بێ بە گۆڕانکاری لە دولرۆژدا. بەڵام هیچ گۆڕانکارییەك لە خۆیەوە، یان لە خواوە دروست نابێ. بە ڕای من:

- ژن دەتوانێ تێڕوانینی کۆمەڵگە (بە ژن و پیاوە وە) بەرامبەر بە خۆی بگوڕێ. لەم پرۆسەیەدا پێویستە ڕۆی سەرەکی ژنان خۆیان ببینن و، ئەرکی بۆ بکێشن. ئەمە کاتێك دەکرێت کە ژنان هۆشیار بن بەرامبەر بە ئەرك و مافی خۆیان و بەو ئاراستەیە کار بکەن کە دەیانەوێ تێڕوانینی چەوتی کۆمەڵگە بەرامبەر بە خۆیان ڕاست کەنەوە.

- پیاو دەتوانێ تێڕوانینی خۆی بەرامبەر بە ژن بگۆڕی. ئەم ئەرکە دەکەوێتە سەر ڕوونلکبیران بە پلەی یەکەم. دەبێ ڕووناکبیر لە کۆمەگەهی کورد پێناسە بکرێتەوە. بۆ دلڕشتنی ئەو پێناسەیەش پێویستە ژنان بشدار بن. پێویستە پیاوانی ڕووناکبیر لەوە هۆشیار بکرێنەوە کە بە زمانێکی باوکسالارانەوە ناتوانن ڕووناکبیر بن. ژنانی ڕووناکبیر، لەوە ئاگادار بن کە ئەگەر برەو بە کلتوور و زمانی خێڵ بدەن روناکبیر نین. ئەرکی ژنانی داکۆکیکار لە مافی ژن ئەوەیە کە بوار نەدا زمانێکی (پیاو مەزنکەر و ژن نزمکەر) لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی کوردیدا، لە وتاری سیاسی کوردیدا و لە دام و دەزگاکانی زانستیدا و لە سیستەمی پەروەردەدا پیادە بکرێت. دەبێ پاسیڤ نەبی بەرامبەر بەو دیاردە دزێوانە.

جگە لەمانە، بێگومان هەوڵدان بۆ بوژانەوەی باری ئابووری، باری تەندروستی فیزیکی و دەروونی و هتد، کە فاکتەری کاریگەرن لە گەشەسەندنی کۆمەڵگەدا. پێویستە کۆمەڵگەی ئێمە کەڵك وەربگرێت لە ئەزموونی گەلانی گەشە سەندوو نەك کەڵکئاوەژوو وەربگرێت لە تەکنەلۆژیا و زانست و کلتوور و بیر و باوەڕە خوازراوەکانی ڕۆژئاوا.

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لەناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**